کەشکۆڵێکی کلتووری

گۆڤاری K21
وەك سەرچاوەی میژووی
رۆژنامەوانی کوردی لە هەولێر

پ. د. ئازاد عوبێد

بیبلۆگرافیای
12 ژمارەی
گۆڤاری K21

د. شوان سلێمان

[redacted]
لێژینەرەیەکی میژوویی
لە ژیان و رۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی

خالید جوبرائیل - شیمال محەمەد

نامەیەك بەدەم باوە دەفرێ و رۆژێك دەگاتە جێ
نامەیەك بۆ پیرە هەڵۆ

سەعید عەبدوڵڵا

عەبدولرەحمان بێلاف ...
لە باوەشی سۆفی گەری دا

مومتاز حەیدەری

مومتاز حەیدەری ...
رۆڵی لە کەلتوری کوردیدا

پرۆفیسۆر عزەدین مستەفا رەسوڵ .. قەڵەمێکی حەفت رەنگ

3 3 7 0 9

ئامادەکردن و سەرپەرشتی: مومتاز حەیدەری

هەولێر - کوردستان
19/12/19

Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library

کەشکۆڵێکی کلتووری

ئامادەکردن و سەرپەرشتی : مومتاز حەیدەری

بابەت : بابەتی هەمە چەشن

نەخشەسازی : هیوا عەباس – مومتاز حەیدەری

چاپ : چاپی یەکەم / هەولێر ٢٠١٩

تیراژ : ١٠٠٠

شوێنی چاپ : چاپخانەی رۆژهەڵات-هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (٢٧٣٨) ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەو نەرشیفی مومتاز حەیدەری

Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library

گۆڤاری K21

وەك سەرچاوەی میژووی رۆژنامەوانی كوردی لە هەولێر

پێشەكی



پ.ی. د. نازاد عوبید سالح

رۆژنامەوانیی وەک بەشێکی زوونا‌کبیریی، بایەخ و کاریگەریی و دەورێکی زۆری لە کۆمەڵگەدا هەیە، بە تایبەتی کە وەک یەکێک لە دەسەڵاتەکان (چوارەم) حیسابی بۆ دەکرێت، ئەمەش سەر بۆ ئەوە دەگێشێتەوە کە لە تۆمارکردنی رووداوەکاندا سەرچاوەی راستەوخۆو زیندوو وشایەتحاڵی سەرەکی بێت. ئەمەش وا دەکات لە نووسینی میژوودا بەسەرچاوەی سەرەکی دابنرێت و پشتی پێ ببەسترێت. بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوە بین ئەو رۆژنامەیە چ رۆژنامەیەکەوسەر بە چ لایەن و دەستەیەکە...! لەم رووەوە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوە بە کارێکی پێویست زانرا، بەتایبەتیش بۆ گۆڤارێکی بە روومەتی وەک "k21"، کە بڵاوبێری بەڵگەنامەو بابەت و کەرەستەی خاوی نووسینی میژوون.

لەم توێژینەوەیەدا بە تەنیا ئەو لایەنەی زوونا‌کبیری کاری لەسەر کراوە کە تایبەتە بۆ گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوانەی لەسەردەمی جیاجیا بە ئاشکراو نهێنی لە قەڵەمڕەوی شاری هەولێر دەرچوون و دەقەکانیان لە "k21"دا بڵاوکراونەتەوە.

Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library

بکرێته k21 چونکه لەسەر زار خۆشتره. (هەمان سەرچاوە، ل٢٨١).

ئێدی ئەوە بوو گۆڤارەکە تا ژمارە (٢١)ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤، بەردەوام بوو بە قەوارەی جیا جیا نزیکەی (٩٤٣٠) لاپەڕەی دەولەمەندی پڕ زانیاری جۆراوجۆری رووناکبیریی کە بە هەق بووەتە تۆمارو سەرچاوەیەکی زۆر بایەخدار بۆ نووسینی مێژووی هاوچەرخی کورد. (مومتاز حەیدەری، بۆ مانتان گرتووە ...؟ تا کەی مان دەگرن ...!، k21، ژمارە (٢١)، کانوونی دووەمی ٢٠١٤، ل٣، سەروتار).

دیارە لەرووی بایەخی گۆڤارەکەوە هەڵسەنگاندنێکی خێرای بۆ کراوە، لەوانە بۆ نموونە: پ. د. عەبدولفەتاح بۆتانی نووسیوویە: لە ناوەڕاستی ٢٠٠٨، حەیدەری گۆڕەپانی رۆژنامەوانیی کوردی دووچاری سەرسووڕمان کرد بە دەرکردنی ژمارەیەکی گۆڤارە جۆرییەکەی لە ڕووی قەبارەو ژمارەی لاپەڕەو بابەتەکانی بە پشت بەستن بە توانا دارایی و واتاییەکانی خۆی، هەر لە ژمارە دووەوە ئەم گۆڤارەم هەڵسەنگاند, کە وەک گۆڤارێکی جۆری و جیاواز لە مێژووی رۆژنامەوانیی کوردی، دەرچوونیشی ڕەنگدانەوەیەکی باشی لەنێوەندە رووناکبیریی و ئەکادیمییەکان دایەوە، کە بە پەرۆشەوە لە چاوەڕوانی ژوانی دەرچوونی دان. (k21، ژمارە (١٢)، ٢٠١١، ل بەرگی یەکەم ناوەوە ؛ ژمارە (٢٠)، کانوونی دووەمی ٢٠١٤، ص٣).

وێڕای ئەوەی ئەو گۆڤارە بۆ خوێنەران و تووێژەران و مێژوونووسان، کەرستەیەکی زۆری لە بەڵگەنامەی مێژوویی گرنگ لەخۆ گرتووە، کە هەروەک د. بۆتانی ئاماژەی پێکردووە، بایەخی ئەو گۆڤارە بۆ نەوەکانی داهاتووش درێژەی دەبێت، چونکە بەشێکی یادگای مێژوویی کوردی بۆ پاراستووین، بەمەش حەیدەری پێشەنگییەکی بۆ خۆی تۆمار کردووە. (هەمان سەرچاوە).

ئەم گۆڤارە دانسقەوناوازە بەراستی پەیامێکی نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازانەی بەرووی پێوە دیارە، ئەلبوومێکی دەولەمەندی وێنەی مێژوویی دەگمەنە.

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library